قەڵای هەولێر

خالد رسول

ئاشکرایە کە قەڵاکەی هەولێر کەلەپورێکی بەنرخو پڕ شانازیی ئێمەیە ، ئەو بڕیارەی کە لەم دواییانەدا درا بۆ دەست هێنان بەم قەڵایەدا لە خۆی‌دا هەوڵێکی پیرۆز و پڕ دڵسۆزی‌یە . . لێپرسراوانی ئەم ئەرکە تا ئێستا هەندی ئیشیان تیا کردووەو خۆیان لەگەڵ ماندوکردوە جا لێرەدا کە هێشتا ماوەی ئیش تیا کردنی ماوە حەزم‌کرد ئەم ووتارە بەنرخەی گۆڤاری «ئەرخیتوکتورا — المعمار»ی پۆڵندی بخەمە بەرچاو کە ئەندازیاری شارەزا (هنریك چڤیتسکی) نووسیویەتی وە لە باسەکەی‌دا «شیرین احسان شێرزاد» یارمەتی داوە ، وە باسەکە تەرخان کراوە بۆ ژیاندنەوەی قەڵای هەولێر وەکو مەڵبەندێکی گەشت‌گوزاری‌و کەلەپورێکی ڕۆشنبیری . مەبەستی من لە خستنە پێش‌چاوی ئەم ووتارە ئەوەیە کە زۆر تێبینی‌و بۆچوونی ووردو بەنرخی تیا دەست‌نیشان‌کراوە کە لێپرسراوان ئەتوانن ئەمڕۆ بۆ ژیاندنەوەی قەڵاکە سوودی لێ وەربگرن جگە لەوەی ئەم باسە لە خۆی‌دا شتێکی معماری‌و هونەری نەتەوەکەمانە .

(ئەرخیتکتورا) گۆڤارێکی مانگانەی پۆڵندی‌یە وە (هنریك چڤیتسکی) پێشان مامۆستایەکی شارەزا بوو لە دانشگەی ئەندازیاری بەغدا ، ووتارە دوورو درێژەکەی لە سەرەتادا باسی (خانووبەرە) لە عێراق‌دا ئەکات‌و ئەڵێ : ئەو کێشانەی بەستراوە بەو گۆڕان‌و ڕۆشنبیری‌یانەوە بەگشتی‌و بە خانووبەرەوە بەتایبەتی مایەی بایەخ‌پێدان و سەرنج ڕاکێشانە ، ئەم گۆڕانانە بەستراوە بە ڕووداوی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی‌یەوە ، هەروەها پێویستی گونجاندنی شێوەی فێرکردنی (معماریەکان) لەپێناوی گونجاندنیان‌دا لەگەڵ ئەم گۆڕانانەدا .

ئنجا لە پرۆژەیەکی تایبەتی‌دا «کە ئەم وێنەیەی لەگەڵدا بڵاوکراوەتەوە» دێتە سەر باسی هەولێرو ئەڵێ : بەم شارە ووتراوە (شاری چوار خوا) — أربا ئەیلو) کە بە کۆنترین شار ئەژمێرری لە جیهاندا کە نیشتەجێی خەڵك بووە لە کاتێکا کە (نینوی) و (نمرود) دوو دێی بچووك بوون‌و لە ساڵی ٤٠٠ پ . ز دا لەناوچوون . هەولێر بە شارێکی بەهێزو دەوڵەمەند ناسراوەو لەوێوە (ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ساڵی ٣٣٣ پ . ز دا هێرشی بردۆتە سەر بابل‌و ووڵاتی فارس .

شاری هەولێر گەیشتە ئەوپەڕی پێشکەوتن لە چاخی عباسی‌یەکاندا کاتێ کە مزگەوت‌و بازاڕی تیا دروست‌کرا . هەولێری ئێستاش ئەکەوێتە دەشتێکی پان‌و بەرینەوە کە (قەڵا) کەوتۆتە ناوجەرگەیەوەو بەرزی‌یەکەی (٢٥) مەتر ئەبێت کە لە شێوەی دەوری‌یەکدایە .

کێشەی زیندوکردنەوەی قەڵای هەولێر کێشەیەکی جیاوازە گیروگرفتی سەرەکی کە تووشی معماری‌یەکان‌و ئەندازیارەکان ئەبێت ئەوەیە کە بە چ ڕێگەیەك بتوانرێ زیندو بکرێتەوەو بەشێوەیەك کە یەکێتی و شێوازەکەی تێك نەچێت وەکو شێوازێکی شارستانی کۆن ، ئەو ڕایانەش کە (شیرین) دەری بڕیوە بۆ نووسەر چەند بیروڕایەکی پەسەندی تیایە لەوانە :

١ — گەڕاندنەوەی بیناکردن بە ڕژێمی (خشت لەدوای خشت) بەبێ گۆڕینی بەرزی (جۆری ناوەند — نوعیة الوسط) بەگشتی وە (جۆری بینین — النوعیة البصریة) .

٢ — چاودێری ئەوەی کە پارێزگاری‌کردنی بەشێوەیەکی هەڵبژێراو بێت وە ڕێ‌ی هەبێت بۆ گۆڕین .

٣ — چەند کاروبارێکی نوێ‌ی بخرێتە ناو بۆ دروست‌کردنی حەستەیەکی زیندوو وە دیاری‌کراو کە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ

شارەکەو ناوچەکە .

٤ – کەم‌کردنەوەی هاتووچۆی (سەیارە) تیایدا تا ئەوپەڕی توانا .

ئەو نرخە سەرەکی‌یەی کە ڕەچاوکراوە لە کاتی دانانی نەخشەکەی (تصمیم) دا دیمەنی شارەکەیە لەناو قەلاّکەوە کە بە توخمێکی سەرەکی ئەژمێرریٚ بۆ دیمەنێکی کراوە وە بۆ دیمەنی شارە پی‌گەیشتوەکە لە دەوری قەلاّکە ، وە لەدانانی نەخشەکەی‌دا ئەمانەش ڕەچاوکراوە : .

– هێشتنەوەی شێوەی پتەوو جیای قەلاّکە کە لە ئەنجامی پەرەپێدانی پلە بە پلەی بەستراو بە ڕژێمی تایبەتی‌یەوە .

– هێشتنەوەی توخمە ڕەسەنەکان‌و ناوچەیی‌یەکانی وە پەیوەندی‌یان بە ناو خۆیەوە .

• – خۆ بەستنەوەیەکی توند بە یاسای (تسویە) وە بۆ شی‌کردنەوەی باری ئێستای .

– چاودێری‌کردنی هێڵی دروست‌کردن .

– ئامادەکردنی بەرنامەیەکی پەیوەندی‌دار [پەیوەندی شەقام‌و دەرگاکان بە دیوارەکانەوە وە سەربانی ڕەق بە نەرمەوە وە سەوزایی بە ڕووبەری گشتی‌یەوە] .

دیسان نووسەر دەست‌نیشانی هەندیٚ خانووبەرەی پێویستی کردوە لە نەخشەکەی دا لەوانە مەڵبەندی ڕۆشنبیری‌و هۆڵی پیشان‌دانی هونەری‌و موەزەخانەی ئەتنۆگرافی‌و هۆڵی محاضرات‌و کتێبخانەو شانۆو خانەی خزمەتگوزاری گەشت‌گۆزاری‌و دوکان‌و بازاڕو ورشەو میوانخانەو مەڵبەندی تەندروستی‌و قوتابخانە وە پۆلیس‌خانە .

مامۆستا چڤیتسکی ووتارەکەی کۆتایی پیٚ هێناوە بە چەند تێبینی‌یەکی گشتی لەبارەی کەلەپووری خانووبەرەی ئیسلامی کە لە باسەکەی‌دا هاتووە بۆ دوو پرۆژەی خانووبەرە کە تیا داوای دروست‌کردنی معمار لە ناوخۆدا کە جوانی‌و ڕێك‌وپێکی تیا بێت لەنێوان یاساکانی ڕژێمی جیٚو شوێن‌و منطق کە لە پێویستی‌یەکانی ناخی مرۆڤەوە هەڵقولاّبێت .